نەتەوەیەکگرتووەکان باش ئاگایان لە وەزعی کوردستان هەیە و. ئاگایان لە یەکگرتووی ئیسلامیشە. کە هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە چەک نەبووە

دیمانەیەک لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (هێرش عومەر) راوێژکار لە بەشی توێژینەوەی نیشتمانی لە ئەوروپا

ئا. دانا حسێن/ سوید

پرسیار: بەڕێز مامۆستا هێرش ئەگەر بتوانیت بەکورتی خۆت بناسێنیت؟ پێشەکی بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، وەك خۆ ناساندن من ناوم (هێرش عومەر)ە، خاوەنی دوو بڕوانامەی دکتۆرام، یەکیان لەسەر هاوڵاتی و شارەوانی، ئەوی تریان لەسەر ئەدیان لە ئەڵمانیا بەدەستم هیناوە. پێشتریش راوێژکار بووم لە بەشی توێژینەوەی نیشتمانی لە یەکێتی ئەوروپا سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.

یەکگرتوو: تێڕوانینی دەزگا نێودەوڵەتیەکان چییە سەبارەت بە حیزبەکانی کوردستان، بە حیزبی ئیسلامی و حیزبی عیلمانیشەوە؟

مامۆستا هێرش: ئەمەوێت زۆر بە روون و ئاشکرا ئەوە بێری خوێنەری خۆشەویست بخەمەوە کە هەر ڕێکخراوێك یان هەر حیزبێك لەژێر هەر ناو و دروشێکدا بێت پێگەیەك بۆ خۆی دروست ئەکات، ئەگەر ڕاست داینا ڕاست بەجێ ئەهێڵێت، ئەگەر چەوتیش داینا هەر بە چەوتی جێی ئەهێڵێت، هەموو حیزبە عیلمانیەکان خاوەنی مێژوویەکی خۆیانن، من نامەوێت پەنجە بخەمە سەر برینەکانی ڕابردوو، دیارە ئاسەوارە مێژوویەکانیان بە چاك و خراپییەوە خۆیان بەرپرسیارن، من حیزبە عیلمانیەکان زەربی سفر ناکەم، ڕۆڵی خۆیان بینیوە تا ڕادەیەك، بەڵام شانبەشانی ئەوان حیزبە ئیسلامیەکانیش ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە، بەڕاستی دەکرێت ئەمەش باس بکەین، بەڵام لەم نێوەندەدا یەکگرتووی ئیسلامی سەرەتا وەك ڕێکخراوێك هاتە پێشەوە، مزگەوتێکی زۆری کردەوە لە کوردستان و یارمەتی لێقەوماو و هەژار و هەتیوێکی زۆری دا، ئەمە بەڕاستی جێگای دەستخۆشییە، نەتەوە یەکگرتووەکانیش باش ئاگایان لەم وەزعە هەیە و ئاگای لە یەکگرتووی ئیسلامیشە کە هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە چەك نەبووە، بەڕاستی من دەڵێم ئەمە جێی ئەوەیە سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی یەکگرتوو شانازی بە خەباتی ڕابردویانەوە بکەن و دڵ خۆش بن بە بوونی خۆیان، یەکگرتوو حیزبێکە هاتووە خزمەتی کۆمەڵگای مەدەنی خۆی بکات، بەڵام پێویستە حیزبە عیلمانیەکانیش پێناسەی عیلمانیەت بزانن، عیلمانیەت واتە مەدەنی بوون، واتە پێویستییەکانی شارستانیەت و هاوڵاتی بوون بەڕێوەبەرایەتی لەناو پرانسیپێکی دیموکراتیدا.

یەکگرتوو: ڕاوێژچونت چییە سەبارەت بە کوتلەی یەکگرتوو کە بەشێوەی ئۆپۆزسیۆن بەشداری ئەکات لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە؟

مامۆستا هێرش: یەکگرتوو لە هەڵبژاردنەکانی ئەجارەدا بەڕاستی ئەتوانێت ئەم هەلە بقۆزێتەوە، بەو پێیەی کە خەڵکی کوردستان تا ئێستا بەخۆیەوە نەدیوە کە حیزبێکی ئیسلامی بەڕێوەی بەرێت، بزانن تێڕوانینیان بۆ چەمکی دیموکراسی بەشێوەیەکی عەمەلی چۆنە، بزانن سیاسەتیان چۆنە و خوێندنەوەیان چۆنە سەبارەت بە فەسادی ئیداری و گەندەڵی، لە کاتێکدا میللەتی ئێمە هەمووی موسڵمانە ئێمە خاوەنی سەرکردەیەکی گەورەی وەك (سەلاحەدین ئەیوبین) کە پێویستە لەناو هەموو جیهانی ئیسلامیدا ئێمە فەخری پێوە بکەین کە تۆمار کراوە لە مێژوودا، یەکگرتوو نەبەستراوەتەوە بە هیچ لایەنێکەوە ئیعازی بداتێ سەربەخۆبوون لە بڕەوی دەسەڵاتدا زۆر ئەساسە، هەموو کەس حەزئەکات کەسێك سەرپەرشتی بکات کە جێگەی سیقە بێت لایەنێك حوکم بکات کە ئەمین بێت دادپەروەرانە بجوڵێتەوە، پێویستە خوێنەری خۆشەویست ئەمانەی لەبەرچاو بێت.

یەکگرتوو: لە ڕەوشی کوردستاندا ئەبینین خەڵکی زۆر بێزارن بەهۆی ناعەدالەتی و گەندەڵی ئیداری و فەساد بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەمەش وای کردووە هاوڵاتی گەشبین نەبن بە داهاتوو، هۆی ئەمە ئەگێڕێتەوە بۆ چی؟

مامۆستا هێرش: من پێم خۆشە سەرتا چەند ڕوونکردنەوەیەکی خۆم بدەم پاشان بێمە سەر پرسیارەکەت، بە بڕوای من ئەگەر بمانەوێت لەسەر هەر شتێك بدوێین ئەبێت ئاگاداری مێژووەکەی ببین، ئەبێت لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە، چونکە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو بۆ خۆی تێگەشتنە لە حاڵی حازر، من لێرەدا ئەمەوێت ئەوە باس بکەم کە لە کلاسیکی ئەدەبیاتی ناوەڕاستی ئەوروپادا، غەیری ڕەگەزی خۆیان لە ڕوانگەی ئەقڵەوە وا ڕوانیویانەتە بەشەریەتی سەر ڕووی زەوی بە دڕندە و ترسناکەکانی سەر ڕووی زەوی وەسفیان کردوون کە کردوونیان بە (سی و پێنج) ڕەگەز، من پێم خۆشە بە چەند نموونەیەك بیانهێنینەوە: ئەنشرۆفاگی ـ واتە پیاو خۆرەکان. ئەستۆمی ـ واتە بێ دەمەکان. بلیمەیی ـ بێ سەر و ملەکان. ئیپی فاگ ـ قۆچدارەکان ..هتد) لە ئەدەبیاتی ئەوروپادا ئەمە تێڕوانینیەتی ئەقڵانیەتیەیان بووە لە دەرەوەی ڕەگەزی ئەوروپانشینی خۆیان، سەبارەت بە تەوازونی دەولی و خەڵخۆری مافەکانی مرۆڤ، دیارە ئەم ئەوروپا نشینانەکە بەم شێوەیە بیریان کردۆتەوە، لە دوای ئەوەی کە دوو جەنگی جیهانی ماڵ وێرانکەر بەسەر مەزدەری ئەوروپانشینەکان هات و، بە سەرهەڵدانی فاشیزم و نازیزم کە (هیتلەر)ی لێ کەوتەوە، هەموو ئەمانە ئەو فەرهەنگ و سیاسەتەی ئەوروپا نشینەکانە کە ئێستا ئێمەی میللەتی کورد دەستیان ماچ دەکەین و شانازیان پێوە ئەکەین. ئەبێت ئەوەش بزانین کە ئەمەشیان بۆ هێنارین، هەموو ئەوە ئەزانین کە ئەمڕۆ حکومەتێکمان هەیە بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەتا ئێستا بەدرێژایی تەمەنی ئەم حکومەتە بە یاسایەکی فیفتی بەفیفتی و شەڕەپەڕۆ و شەڕی ناوخۆ هاتۆتە پێشەوە، سەرەتای دروستبوونی ئەم حکومەتە بە قەراری (٦٨٨) لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی پێکرد لە دوای کۆڕەوەکە، کەواتە موعجیزاتی ملیۆنەها کۆچبەری کورد بوو کە ئەو ڕۆژەی دروست کرد نەك حیزبەکان، حیزبەکان توانیان ئەم فرسەتە بقۆزنەوە، پاش ئەوە هاتینە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە لەبەر ئەوەی حیزبەکان لە شاخەوە هاتبوون خوێندنەوەی چاکیان نەبوو بۆ شارستانیەت.

یەکگرتوو: وەك ئەزانین (١٨) ساڵە حکومەتی کوردی دامەزراوە لە کوردستان، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش نەتوانراوە چەندین کێشەی سەرەتایی چارەسەر بکرێن، وەك کەمی کارەبا و چاك نەکردنی پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگاوبانەکان، بەبڕوای بەڕێزت بۆ هەتا ئێستا لە کوردستاندا نەتوانراوە ئەمانە و چەندین کێشەی سەرەتایی جێبەجێ بکرێن؟

مامۆستا هێرش: کێشە سەرەتاییەکانی هەرێم پێویست بوو لە ماوەی ئەم (١٨)ساڵەدا چارە بکرانایە، ئەمانە هەمووی خزمەتێکی سەرەتایین بە پێشکەشکردنی هاوڵاتیان، دەی کە ئەمانە نەکرابێت چۆن متمانەی خۆیان دروست دەکەن لەناو کۆمەڵگەدا؟ چۆن دڵسۆزیان ئەسەلمێنن؟ چۆن داوا لە خەڵك ئەکەن دەنگیان پێ بدەن؟! ئەمەشە وای کردووە کە هێزی ئۆپۆزسیۆن دروست بێت.

یەکگرتوو: هەڵبژاردنی تەندروست کام هەڵبژاردنەیە بەتەواوی مانا؟

مامۆستا هێرش: باشترین هەڵبژاردن هەڵبژاردنی کراوەیە، کە سەرتاسەری جەماوەر بگرێتەوە بە هەموو حیزبە ئیسلامیەکان و عیلمانیەکانەوە، بۆ ئەوەی هیچ وەلامێك نەمێنێت لە دڵی تاکێکی دەنگدەردا، بەرەی ئۆپۆزسیۆن بۆخۆی تەندروستە کە لە ساحەی کوردستاندا بوونی هەیە، ئەگەر بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوونی نەبوو ئەوا دیموکراسی بەرەو دیکتاتۆری ئەڕوات، پێویستە هیچ ڕێگرێك نەبێت لەبەردەم هیچ بیر و ئایدۆلۆژیایەکدا، پێویستە سیاسەتی دیمانگۆك و چەواشەکاری نەکرێت، پێویستە هەموو ڕێکخراوەکان دەعوەتی پرۆسەکە بکرێن، چەنێك شەفافیەت لەناو پرۆسەی هەڵبژاردن هەبێت هێندە سومعەی نەتەوەکەمان بەرز ئەنرخێت لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی جیهان.

حکومەت لەنێوان پێموپالاتی و گەندەڵیدا

ئۆپۆزسیۆن پێویستە فشار بخاتە سەر حکومەت تا بەخۆیدا بچێتەوە

ژیار عومەر
یەکگرتوو/ سلێمانی

لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێم پێشتر لە کابینەکانی تردا بەردەوام کاتێك باسی بودجە دەکرد، ئاماژەی بەوە دەکرد نزیکەی (٧٠٪)ی بودجەی هەرێم بە مووچەی فەرمانبەران و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراو و... هتد دەڕوات، بەڵام لە ئێستادا حکومەت بڕیای دامەزراندنی زیاتری داوە، ئەمە و سەرەڕای ئەوەی چەندین کەسی لە حیزبی دەسەڵات و حیزبەکانی تر بەناوی بەڕێوەبەری گشتی و چەندین ناوی تر خانەنشین کردووە!

ڕۆژانەش خۆپیشاندان و هەڕەشەکردنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و دەبیستین، ئەگەر دانەمەزرێن، ئەوا بەشداری هەڵبژاردن ناکەن و چەندین شتی جیاوازی تر..

تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی هەندێك لایەنی ئۆپۆزسیۆنیش بیکاتە بەرنامەی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و داوای دامەزراندن بکات، شارەزایانی بواری ئابوریش پێیان وایە چارەسەری ئەو حاڵەتە بەوە ناکرێت، بەڵکو دەبێت حکومەت هەندێك کار هەیە بیکات، ئاماژەش بەوە دەدەن کە زۆرترین ئەو چەمکانەی بەکاردەهێنرێن لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، چەمکی ئابورین، پێویستە لایەنی ئۆپۆزسیۆن خۆی بەدوور بگرێت لە بەڵێنی دامەزراندن، لە کاتێکدا وەزارەتێکیان بەدەستەوە نییە.

مامۆستایەکی زانستی ئابوری لە زانکۆی سەلاحەدین: "هیچ پێویست ناکات کەسانێك بەو هەموو ناونیشانە سەیر و سەمەرانە خەڵکی حیزبی خانەنشین بکرێت". لە لێدوانێکیدا بۆ یەکگرتوو مامۆستا (ئەیوب سماقوڵی ـ شارەزا لە بواری ئابوریدا) ڕاگەیاند: "دامەزراندن بە بۆچوونی من نەمێنێت، ئەوانەی کە دەمێنێت، تەنها لە پسپۆڕی جیاوازدا، لە هەمان کاتیشدا خانەنشینی ئارەزوومەندانە دروست بکرێت، ئەو کەسەی کە بیەوێت خۆی خانەنشین بکات، واتە خانەنشینی ئارەزوومەندانە دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو بێکارییە ڕووپۆشەی لەناو فەرمانگەکاندا هەیە، نەمێنێت".

وتیشی: "دیارە ئەو پارە زۆرەی کە بۆ مووچە دەڕوات، لەبەر ژمارەی زۆری مووچەخۆر نییە، بەڵکو لەبەر چۆنیەتی دابەشکردنی مووچەیە، زۆر کەس هەیە مووچەیەکی زۆر وەردەگرێت، بێ ئەوەی هاوتای کارەکەی بێت! بۆیە پێویستە ئەوانە دووبارە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، ئەوکات دەکرێت خەڵکی تر دامەزرێت".

ئەو مامۆستایەی بواری ئابوری لە زانکۆی سەلاحەدین پێی وایە: "هەرکات چاو خشێنرایەوە بە چۆنیەتی دابەشکردنی مووچە و لابردنی ناونیشانە وەهمیەکان و چاوخشاندنەوە بەو ژمارە زۆرەی خانەنشینکراوە بە ناوی حکومی و لە کاتێکدا خەڵکی حیزبین، جا چ لە حیزبەکانی خۆیان بن (دەسەڵات)، یاخود لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەو کات دەتوانرێت خەڵکیش دامەزرێنرێت و بودجەش بەشی مووچە بکات".

مامۆستا (ئەیوب سماقوڵی) ڕوونیشی دەکاتەوە: "ئەم دامەزراندن و خانەنشینکردنەی خەڵکانی حیزبی زیانێکی زۆر دەدات لە خەڵکی، چونکە لەبری ئەوەی بودجە خزمەتی خەڵکی پێ بکرێت، بەڵام بۆ مووچەی کەسانێك بەکاردەهێنرێت کە خزمەت ناکەن، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی مراندنی دەرامەتی مرۆیی، خەڵکانێکی تەمبەڵ و بەکاربەریان لێ دەردەچێت. وادەکات لە ڕووی مرۆیی و ئابورییەوە زیانمان پێ بگەیەنێت".

سماقوڵی دەڵێت: "هیچ پێویست ناکات کەسانێك بەو هەموو ناونیشانە سەیر و سەمەرانە (خەڵکی حیزبی) خانەنشین بکرێن، یان کەسێك دەبێتە وەزیر، یان ئەندام پەرلەمان، هەتا تەمەنی ماوە ئەو مووچەیە وەردەگرێت، کە شتی وا نییە لە دنیادا، ماوەی پەرلەمانتاری تەواو بوو، دەبێت بگەڕێتەوە سەر کارە ئەسڵییەکەی خۆی، لەبەر ئەوەی لەوە دەچێت تەمەنی کارکردنی مابێت، لە ڕووی مادیشەوە زیانێکی زۆر دەدات مووچەیەکی دەدرێتێ لە بەرامبەر کارێك کە کارەکەی نەماوە".

مامۆستا (ئەیوب سماقوڵی) وتی: "حکومەت خۆی کێشە بۆخۆی دروست دەکات دەربارەی هەڕەشەی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە بەرامبەر دانەمەزراندنیان". ئەو شارەزایەی بواری ئابوری دەڵێت: "حکومەت خۆی کێشە بۆخۆی دروست دەکات، چونکە بەردەوام بەش و کۆلێژی نوێ دەکاتەوە، ئەوەندەش خەڵکی دەردەچێت، دوایی کێشە دروست دەکات، یان خەڵکێك لە ئامادەیی وەرناگیرێت، زانکۆ دەکاتەوە و وەردەگیرێت". هەروەها دەڵێت: "ئەمەش بە بۆچوونی من گرفتی بڕوانامەی زۆر لەپاڵ گرفتی بێکاریدا دروست دەکات، کە کەسانێکی زۆر دەبنە خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، بەڵام لەڕووی بەرهەمەوە بێ بەرهەم دەبن، وەکو زۆرێك لە وڵاتانی کەنداومان لێدێت، کە هەموو دەبینە خاوەن بڕوانامە، بەڵام کەسانی بێگانە کارمان بۆ دەکەن، خۆمان کارمان پێ ناکرێت".

تەئکیدیشی کردەوە: "بە بۆچوونی من کابینەکانی حکومەتی هەرێم یەك لەدوای یەك خۆیان گرفت بۆ خۆیان دروست دەکەن، ئەگەر فرسەتێکی دامەزراندنیش هەبووبێت، ئەوانە دادەمەزرێنن کە دەرچووی زانکۆ نین، یان لەو بوارەدا پسپۆڕ نین، یاخود واستەیان هەیە، بۆئەوە دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزش لە یەکێك لە بانکەکان دامەزراوە!".

پسپۆڕێکی بواری ئابوری: "پێویستە ئۆپۆزسیۆن داوا بکات حکومەت ڕەشیق بێت".

(ئەیوب سماقوڵی ـ مامۆستای بەشی ئابوری لە زانکۆی سەلاحەدین) ئاماژە بەوە دەدات: "خۆی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و سیاسەتیش هەموو ئەو چەمکانەی کە بەکاری دەهێنن چەمکی ئابورین، بۆ نموونە بڕینەوەی مووچە بۆ ئافرەتانی ماڵەوە، بەڵام پێویستە ئۆپۆزسیۆن جیاوازی بکات لەنێوان چەمکە ئابورییەکاندا، بزانێت کام چەمك لە بەرژەوەندی گشتی میللەتدایە، لە ماوەیەکی درێژخایەندا دەستەبەر نابێت، چونکە لە کورتخایەندا کەشف دەبێت، وەکو ئەوەی لیستی گۆڕان و ئەوان کردیان، کە زۆر داوای شتی غەریب غەریبیان دەکرد، کەچی ئێستا پێیان ناکرێت".

هەروەها دەڵێت: "بۆیە دەبێت چاو بەو دروشمانەدا بخشێنرێتەوە، چونکە بەرنامە ئابورییەکان هەمووی سەرپێیی بوون، بەڵام ئالیەتی جێبەجێکردن نەبوو، ئێستا ئەندام پەرلەمانێکی ئۆپۆزسیۆن هیچ وەزارەتێکی لەدەستدا نییە، چۆن دەتوانێت یان داوا دەکات خەڵك دابمەزرێنرێت! لە کاتێکدا زۆرترین ڕێژەی خەرجی وڵاتەکە بۆ مووچەی فەرمانبەران و بێکاری شاراوە و نارێکی گەندەڵی دەڕوات".

ئەو مامۆستایەی ئابوری لە زانکۆی سەلاحەدین دووپاتیشی دەکاتەوە: "پێویستە ئۆپۆزسیۆن داوا بکات حکومەت ڕەشیق بێت، فەرمانبەر کەم بکاتەوە لەبری ئەوە سیاسەتی چالاککردنی خستنەڕووی کار بە ڕاهێنان و مەشقکردن و فێرکردنی بۆ بێکاران بخاتە گەڕ، سیاسەتی خواستنی کار دروست بکات، ئەویش دروستکردنی پرۆژەیە بۆ بەکارهێنانی دەستی کاری ناوخۆ".

مامۆستا (ئەیوب سماقوڵی) لە کۆتایی لێدوانەتیەکەیدا بۆ یەکگرتوو ئەوەی خستەڕوو: "واتە بە گرتنەبەری دوو ڕێگا لەلایەن ئۆپۆزسیۆن و حکومەتیش خۆی دەتوانرێت چارەسەر بکرێت:

١ - ڕەشیقکردن و لاوازکردنی کەرتی گشتی.

٢ - قەڵەوکردن و بواردان بە کەرتی تایبەت.

ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمان: "لە ساڵی داهاتوودا هەندێك میلاکی گشتی دەگوازرێنەوە بۆ میلاکی تایبەت".

(سەمیر سەلیم ـ ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، دەربارەی زۆری ژمارەی فەرمانبەران و چارەسەرکردنی کێشەی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان، کە لە ئێستادا داوای دامەزراندن دەکەن، لە کاتێکدا زۆرترین ڕێژەی بودجەی هەرێم بۆ مووچە دەڕوات، بە وتەی حکومەت. لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەی یەکگرتوو بەو جۆرە دوا: "حکومەت بە ڕەسمی داوای (٩٢٠) کەسی کردووە بۆ دامەزراندن، ئێمە ڕەزامەندیمان نواندووە لەسەری و ناشتوانرێت بە بیانووی زۆری فەرمانبەر دەرفەتی کارکردن بەڕووی هاوڵاتیاندا داخرێت، بەڵکو پێویستە دەرفەتی کار لەبەردەم گەنجاندا کراوە بێت".

ئاشکراشی کرد: "پێویستە هەندێك میلاکی گشتی بگوازرێتەوە بۆ میلاکی تایبەت، کار لەسەر ئەوە دەکرێت، بۆنموونە (کوردتێل، کارگەی چیمەنتۆ، یان کەرتی کارەبا) کە ئەمانە مووچەکانیان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بدرێت، نەك حکومەت، ئەوکات دەتوانرێت لەبری ئەمانە کەسی تر دامەزرێت".

ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکگرتوو وتیشی: "لەبەر ئەوەی تائێستا ڕێکخستنەکانی میلاکات بەپێی داتایەکی ورد نییە، بۆیە کۆمەڵێك کێشەی کەڵەکەبوو هەیە، دەرئەنجامی ئاساوارەکانی دۆخی سیاسی ڕابردووە، کە چەندین ساڵە کێشە دروست دەکات".

(سەمیر سەلیم) ڕوونیشی کردەوە "حکومەت دەڵێت ملیۆنێك و سێ سەد هەزار مووچەخۆر هەیە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم، هەر لە فەرمانبەران و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراو و...هتد، پێمان وانییە ڕێژەکە هێندە زۆر بێت، زیادەڕەوی تێدا کراوە، بۆیە ئێمە لە قۆناغی داهاتوودا یەکێك لە کارەکانمان بەدواداچوونی ڕاستی و دروستی ئەو ئامارەیە".